# كه ناتوانم له بيرت كه‌م

سارا عومه‌ر، دانمارک
2006/8/16
Xozga86@hotmail.com

ئاخر چیبکه‌م که ناتوانم له‌بیرت که‌م ئه‌ی مرواری ژێر چه‌می ته‌م
که په‌یوه‌ستی خۆتم ئه‌که‌یت تۆ چیت داوه له ده‌ردو غه‌م ؛
خۆ یارم بویت بۆ زه‌مه‌نێک ئه‌توایته‌وه
که‌چی ئێستا بێباکانه  من و شیعرت تواندوه‌وه "
چه‌ند خۆش ئه‌بوو بۆ چه‌ند ساتێک من سامفۆنیا و تۆ شمشاڵ بویتایه
تا هێور هێور به سینه‌ی کڵۆڵم و  هه‌سته‌کانما ڕۆچوویتایه
چه‌ند جوان ئه‌بوو تۆ به‌چکه باخه‌وانێک و منیش کچه لاکۆڵانێکی بزێو بومایه
تا له ناکاو مزره ماچی لێوی ئاڵی په‌مه‌ییتم بکردبایه!
چه‌ند هێمن ئه‌بوو گه‌ر تۆ ده‌ریا و من مانگ بومایه
تا له ئاوێنه‌ی ئێوارانتا زووڵفی لوولم دابهێنایه !
ئایی، چه‌ند سیمایه‌کی هه‌ژێنه‌ری که‌نیشکه ئێواره ئه‌بوو
گه‌ر تۆ زه‌ریاو من ماسی بومایه
تا گشت کاتێک به مه‌له‌وه بۆ شه‌پۆلت بهاتمایه
.........
تۆ بۆ نایه‌یت تا له سینه‌ی گه‌رمی خۆتا تێر دامپۆشیت
به‌م سه‌رمایه به له‌پی ده‌ستت کوڵمه‌کانم فه‌رامۆش که‌یت
ئه‌ی نازانیت که تۆ ئه‌ڕۆیت تروسکه‌ی دیده‌م ئه‌کوژێته‌وه
که‌چی که تۆ ده‌ر ئه‌که‌ویت چی جوانییه ئه‌ژییه‌ته‌وه"
تۆ بزانه دوای ڕۆشتنت به‌سه‌رهاتم تاوه چیرۆکی سه‌ندووه
تامه‌زرۆتم و ئه‌ترسم لێت،  ناشخوازم لێت که بێیته‌وه !